# خەونی کوردوخەونی تاڵەبانی

**نورەدین وەیسی**

ماوەیەك بوو جەلال تاڵەبانی سەرۆکی نێوچەی سەوزی بەغدا خۆی لەبریندارکردنی هەستی کورد پاراستبوو، وامانزانی بڕیاریداوە کە ئیدی بەودوا تەمەنەوە وازلە گاڵتەکردن بە هەستی نەتەوەیی کورد بهێنێ ،بەڵام کورد گوتەنی خووی شیری هەتا پیری ، وێدەچێ سکرتێری هەتاهەتایەی یەکێتی هەتا شۆڕی دەکەنەوە نێو گۆڕ دەستبەرداری گاڵتەکردن بە کورد نەبێت، هەربۆیەش ئەمجارە لەهەمووجاران خراپتر ملی لێناو لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بۆ رۆژنامەی ((الخلیج))ی ئیماراتیدا سەربەخۆیی کوردستانی نەك هەر بەخەونێکی وەدینەهاتووی هەڵبەستقان وهەندێ خەڵکی نەتەوەیی وگەنجی کورد باسکرد بەڵکو پێکهاتەی گۆمەڵگەی کوردستانیشی کردە هۆکارێکی وەدینەهاتنی ئەم خەونە، سەرۆکی ناوچەی سەوز لەوەش زێتر رۆیشت وگوتی جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستان هەرگیز لەبەرژەوەندی کورددا نییە! الخلیج 2007/1/22.

چەند رۆژێك بەر لەم لێدوانە ، تاڵەبانی لەنامەیەکی پڕلە مەراییکردندا کە ئاراستەی شا-سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی سوریا بەشار ئەلئەسەدی کردبوو ، زۆر بەگەرمی هیوای ئازادبوونی جۆلان وچارەسەری کێشەی فەلەستین وگەیشتنی فەلەستینییەکان بەمافی ڕەوای خۆیان کە دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستینە کردبووا، تاڵەبانی لەزۆربەی دیدارەکانی لەگەڵ میدیای عەرەبیدا هیوای دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین دەخوازێت کەپایتەختەکەشی قودس بێت.! جا پرسیاری من لە تاڵەبانی ئەوەیە :ئەرێ فەلەستینییەکان چییان لە کورد زیاترە هەتا داوای دەولەت بۆ ئەوان بکەی ولە کوردیشی قەدەخە بکەی وبەمەحاڵی بزانیت وپێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانیش بە رێگربینی؟ بەچ بەڵگەیەك پێکهاتەی کۆمەڵگەی فەلەستینی لە کۆمەڵگەی کوردستان پێشکەوتووترولە کورد پتر شایانی رزگاربوون لە ژێردەستەیی وگەیشتن بە سەربەخۆییە؟

بەپێچەوانەی قسە هەلەق ومەلەقەکانی تاڵەبانی کە هەمیشە دەڵێت عیراق ژمارەیەکە دابەشبوون وەرناگرێت ، کەچی هەر لەو بەغدایەی کە لەکن خۆی ئەو تێیدا دەسەڵاتتدارەو ناوێرێت تەنانەت لەکۆڵانێکی نێوچەی گرین زۆنیشدا پیاسەیەك بکات ، ئالەو بەغدایە پاکتاوی تیرەگەری شیعەو سوننە لەوپەڕیدایەو عەلی وعومەر یەکدی قڕان دەکەن ، هەربۆیەش بەپێچەوانەی خەونبینینی تاڵەبانی بە یەکگرتوویی ویەکپارچەیی عیراق، رۆژ بەرۆژ عیراق لەمەرگ نزیك دەبێتەوەو بەرەو تۆپین دەچێت و ئەوکوردانەی بێهوودەش بەدوای یەکپارچەیی عیراقەوەن جگە لە سەرشۆڕی وشەرمەزاری هیچی دیکەیان پێنابڕێت.

لەشوێنێکی دیکەشدا ئەو بەراوردەم کردووەو جارێکی دیکەش دەیکەمەوە، ئۆجەلان کە لەپیلانێکی نێودەولەتیدا رادەستی تورکە فاشیستەکان کرا هەرزوو خۆی بەدەستەوەداو نەك هەروازی لەسەربەخۆیی

كوردستان هێنا بەڵكو دایكی خۆشی كردە تورك، گومانم نییە تاڵەبانی لە شوێنی ئۆجەلان بوایە نەك هەرخۆی وبنەماڵەكەی بەڵكو تەواوی كوردیشی دەكردە نەوەی عەدنان ویەعروب وقەحتان.
تاڵەبانی كە ئەمڕۆ لەپاییزی تەمەنیدا دەژییێت ، درەنگ یا زوو رۆژێك هەر دادێت بمرێت، بێگومانم لەوەی دوای مردنی ئەگەر لە دانیشتنێكی كوردانەدا نێوی تاڵەبانی بهێنرێت كوردێك نابینییەوە بەسەری لێویشەوە بڵێت یادی وەخێر!

- لە تازەترین لێدوانی عیراقپەرستانەی بەرپرسانی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان!!!!) دا مەلابەختیاری ئەندامی مەكتەبی سیاسی ینك لەسمینارێكیدا لە ئوردن گوتی( نەتەوەی كورد لەدرێژایی مێژوودا دڵسۆزبووە بۆ عیراق ، یەكەم شۆڕش دژی داگیركاری ئینگلیز لە عیراق لەمارسی ساڵی 1919 لەلایەن سەركردەی كورد مەحمودەوە هەڵگیرساوە، هەربۆیەش هەڵەیە شۆڕشی بیستی شیعە بەیەكەمین شۆرش بزانین دژی ئینگلیز لە عیراقدا، ئێمە لەیەكێتی نیشتمانی سوورین لەسەر یەكپارچەیی خاكی عیراق)) دەربارەی پەیوەندی نێوان كوردو ئیسرائیلیش مەلا بەختیار دەڵێت( لەشەستەكاندا پەیوەندی لە نێوان مەلا موستەفاوئیسرائیلدا هەبوو بەڵام ئێستا ئێمە وەك سەركردایەتی سیاسی هیچ پەیوەندییەكمان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییەو ئەوەی دەگوترێت هەموو پڕوپاگەندەی ناڕاستە) هەروەها گوتی (ئێمە بەرگری لە سەربەخۆیی عیراق دەكەین) رۆژنامەی الرای ئوردنی ژمارەی 26/1/2007 لاپەڕە 4

http://www.alrai.com/frame.php?type=PDF&id=119465 ، هێژای گوتنە ماوەیەك لەمەوبەریش نەوشیروان موستەفا لە چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەی ئەهرامی میسریدا داوای لە كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی كرد كە بێتە عێراق بۆ ئەوەی یەكپارچەیی خاكی عیراق بپارێزیت، پێش ئەویش كۆسرەت رەسول عەلی لە چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەی الاتحادی ئیماراتیدا گوتی (ئێمە بەرژەوەندی عیراق لەسەرووی بەرژەوەندی كوردەوە دادەنێین).!